زیناکەری جەڵدلێدراو مارەیی هیچ یەکێک ناکات مەگەر وەکو خۆی بێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «زیناکەری جەڵدلێدراو مارەیی هیچ یەکێک ناکات مەگەر وەکو خۆی بێت (زیناکەر بێت)».

[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرمووەیە ڕوونکردنەوەی جۆرێکی پوچەڵە لە جۆرەکانی مارەیی کردن، ئەویش بریتیە لە مارەیی وهاوسەرگیری کەسێکی زیناکەر کە تەوبەی نەکردبێت لەو کارە قێزەوەنە؛ وزیناکردنەکەی سەلێمنراوە، نابێت هاوسەرگیری بکات لەگەڵ ئافرەتێکی مسوڵمانی داوێن پاک، هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم زیناکەرەدا ناکات مەگەر ئافرەتێک وەکو خۆی زیناکەر بێت، وحاڵی وەکو حاڵی خۆی بێت، ئەمە حوکمەکەیەتی ئەگەر تەوبەی نەکردبێت لەم تاوانە گەورەیە، وهەروەها ئافرەتێکی زیناکەر ئەگەر تەوبەی نەکردبێت لەو تاوانە بۆگەنە نابێت پیاوێکی مسوڵمانی داوێن پاک هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، و وەسفکردنی زیناکەر بە جەڵدلێدراو حوکمی زۆرینەیە؛ چونکە بە زۆری ئەوەی زیناکردنی سەلمێنرا بێت جەڵدی لێدەدرێت، بەڵام ئەو زیناکەرەش دەگرێتەوە کە جەڵدی لێنەدراوە، لە هەردوو حاڵەتەکەدا ئەگەر گرێبەستی هاوسەرگیری بەسترا ئەوا ئەمە گرێبەستێکی پوچەڵە، خوای گەورە دەفەرموێت: {ٱلزَّانِى لَا يَنكِحُ إِلَّا زَانِيَةً أَوْ مُشْرِكَةً وَٱلزَّانِيَةُ لَا يَنكِحُهَآ إِلَّا زَانٍ أَوْ مُشْرِكٌ ۚ وَحُرِّمَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِين} [النور: 3] واتە:{پیاوی زیناکەر ئافرەتی زیناکەر یان موشریک مارە دەکات، وە ئافرەتی زیناکەر تەنها پیاوی زیناکەر یان موشریک مارەی دەکات، (مارەیی کردن و شووکردن بە زیناکەر) یاساغ کراوە -حەرامکراوە- لەسەر ئیمانداران}.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/58077